# The Rhyme in the Poems of Mala Khidir Dashti

Zryan Jalal Sulaiman[1], Yadgar Rasool Hamadameen[2]
[1]Erbil polytechnic University, Soran technical college, [2]Soran University, Faculty of Arts, Kurdish Department

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.02*

*Published: 5/4/2026*

### *Abstract*

*Rhyme is considered one of the fundamental elements of poetic music and has held significant importance across various stages of poetry, particularly in classical Kurdish poetry. This is due to the role and significance of rhyme in this field. Therefore, we deemed it necessary to conduct a study on the aspect of rhyme in the poems of Mala Khidir Dashti, as one of the prominent poets of this period, with the aim of revealing the artistic characteristics of rhyme at the level of sound, words, and the poet's adherence to different types of rhyme as a crucial artistic component in the structure of poetry. To achieve the objectives of our research, a descriptive-statistical approach has been followed, relying on a detailed statistical analysis of all of Dashti's poems to uncover the influence of rhyme on the production of musicality in his poetry. In the end, Dashti was able to extensively employ the art of rhyme —not only as a characteristic of poetry but also as a tool for conveying messages and creating vibrant, impactful music. However, in some instances, the adherence to the rules and intricacies of rhyme was not solely for the purpose of creating music.*

***Keyword**: Rhyme, Rawi, Pre- rain, Post- rawi, Post- rhyme*

# سەروا لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتیدا

زریان جلال سلیمان[1] – پ. د. یادگار ڕەسول حەمەدەمین[2]

[1]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

سەروا بە یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆسیقای شیعر دادەنرێت، لە قۆناغە جیاوازەکانی شیعردا گرنگ و جێگای بایەخ بووە، بە تایبەت لە قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و گرنگی سەروا لەم بوارەدا. بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوە لەسەر لایەنی سەروا لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتی دا ئەنجام بدەین، وەک یەکێک لە شاعیرانی قۆناغی ناوبراو، بە ئامانجی دەرخستنی تایبەتمەندییە هونەرییەکانی سەروا لە ئاستی دەنگ و وشە و پابەندبوونی شاعیر بە جۆرە جیاوازەکانی سەروا وەک پێکهاتەیەکی هونەری گرنگ لە بونیادنانی شیعردا.

بۆ بە ئامانج گەیاندنی توێژینەوەکەمان، ڕێبازی وەسفی – ئاماری پەیڕەو کراوە، بە پشتبەستن بە ئامارێکی ورد، تەواوی شیعرەکانی دەشتی وەرگیراون، بۆئەوەی کاریگەریی سەروا لە سەر بەرهەمهێنانی مۆسیقای شیعرەکانی دەربکەوێت.

لە ئەنجامدا دەشتی توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان هونەری سەروا بەکاربێنێت، ئەمەش تەنها وەک تایبەتمەندییەکی شیعری نییە، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامەکان و دروستکردنی مۆسیقایەکی بەجۆش و کاریگەر. لە هەندێک شوێنیشدا بە ئامانجی دروستکردنی مۆسیقا پابەندی یاسا و وردەکارییەکانی سەروا نەبووە.

**کلیلە وشەکان:** سەروا، ڕەوی، پێش ڕەوی، پاش ڕەوی، پاش سەروا.

## 1-پێشەکی

سەروا بەشێکی دانەبڕاوە لە هونەرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی. یەکێکە لە ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی مۆسیقای دەرەوەی بونیاتی هونەری شیعر. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەروا لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتیدا) لە دەروازەیەک و سێ بەش پێکهاتووە، لە دەروازەکەدا باس لە زاراوە و چەمکی سەروا کراوە، لە بەشی یەکەمدا بە وردی سەروا لە ئاستی دەنگەکانەوە دەرخراوە، کە خۆی لە (ڕەوی، پێش ڕەوی، پاش ڕەوی) دەبنێتەوە. لە بەشی دووەمدا سەروا لە ئاستی وشەکانەوە، کە تەنیا پاش سەروا (ڕەدیف) لەخۆدەگرێت، هەروەها بەشی سێیەمیش تایبەتە بە جۆرەکانی سەروا لای دەشتی، کە بریتین لە (سەروای یەکگرتوو، سەروای مەسنەوی، سەروای کۆپلەبەند، جووت سەروا). لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی سەروا و هونەرەکانی و جۆرەکانی سەروایە لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتیدا، تاوەکو ئاشنابین بە گرنگیدان و کارکردنی شاعیر لە سەر سەروای شیعرەکانی.

**پرسیاری توێژینەوە:** هەوڵمانداوە ئەوە دیار بکەین، کە ئایا سەروا و هونەرەکانی لای شاعیر چۆنە و چەند بەکارهاتووە؟ چۆن لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە؟

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە یەکەمجارە لێکۆڵینەوەیەک لە سەر لایەنی سەروا لە شیعرەکانی دەشتیدا بکرێت.

**سنووری توێژینەوە:** سنووری توێژینەوەکەمان بریتییە لە شیعرە کوردییەکانی مەلا خدر دەشتی، کە خۆی لە دیوانێکی چاپی 2012 و کتێبێک بە ناونیشانی گوڵزاری دەشتی چاپی 2022 دەبینێتەوە.

## 2- میتۆدۆلۆژیا

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی – ئاماری) پەیڕەوکراوە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانین سەروا و هونەرەکانی سەروا لە شیعرەکانی شاعیردا دەربخەین، کە بریتییە لە 72 شیعر و 1131 دێر، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا بۆ شیکارکردنی داتاکان پشت بە بەرنامەی SPSS 25 بەستراوە، لە ڕێگەیەوە ئامارێکی وردی سەروا و هونەرەکانی لە ئاستی شیعر و دێرە شیعرەکاندا بە بەکارهێنانی خشتە و هێلکاری خراوەتەڕوو.

## 3- زاراوە و چەمکی سەروا

سەروا لە ڕووی زاراوەوە لە زمانی عەرەبی (القافیة)، لە ئینگلیزی (Rhyme) و لە فارسی (قافیە)ی بۆ بەکارهاتووە. هەروەها لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی سەروا، هەریەک لە زاراوەکانی "قافیە، دواخشت، لەنگەر، سەرواد و سەروادەش بەکارهاتوون" (حەمەدەمین، 2020: 462)، بەڵام لە ئێستادا لە نووسین و توێژینەوە کوردییەکاندا زارەوەی سەروا چەسپیوە و هیچ کێشەیەکی نییە. سەروا پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، زانایانی بواری عەرووز و قافیە بەوە پێناسەی قافیە دەکەن، کە بریتییە لەو دەنگانەی کە کۆتایی دێرەکانی شیعرێک پێکدەهێنن و لە هەموو دێرەکان دووبارەدەبنەوە (عتیق، 1978: 134). لێرەدا جەخت کراوەتەوە لە دووبارەبوونەوەی هەمان جۆر لە دەنگەکانی کۆتایی دێر لە هەموو شیعرەکەدا. بە بۆچوونی خواجە نەسرەددینی توسی، سەروا بریتییە لە یەکگرتووی دەنگەکانی کۆتایی دێرەکان لەگەڵ جیاوازی ئەو وشانەی دەنگەکانی کۆتایی دێریان لەخۆگرتووە (کدکنی، 1385 هەتاوی: 55-56)، لەمەیاندا جگە لە دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ لە کۆتایی دێرەکاندا، مەرجە ئەو وشانەش جیاوازبن، کە سەروای شیعرەکەیان ڕاگرتووە. عەزیز گەردی (1999: 26) لە

خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە جیاوازەکان لەبارەی سەروا، بەمە گەیشتووە کە "سەروا بریتییە لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی (کە هەندێک جار بە برگە و لای هەندێک بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە) لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دوبارەدەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یا دێرە شیعر و هەندێک جار لە ناوەوەش دێ". کەواتە بە پێی هەموو ئەو بۆچوونە جیاوازانە، سەروا دووبارەبوونەی هەمان جۆری دەنگ یان چەند دەنگێکە بە وشەی جیاواز لە کۆتایی دێرە شیعرەکاندا. سەروا لە چەندین ڕووەوە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دەوڵەمەندکردنی مۆسیقای شیعریدا. ئەمەش وایکردووە، ببێتە ڕەگەزێکی گرنگ لە بونیادنانی دێرە شیعرییەکان و یەکخستنی ڕیتمەکەیان، کە جوانییەکی مۆسیقی بۆ دەقەکە بەرجەستە دەکات. یارمەتیدەرە بۆ بونیادنانی مۆسیقایەکی ڕوون بۆ شیعر. ئەمەش وا دەکات، گوێگر یان خوێنەر ئاسانتر لەگەڵ دەقەکەدا کارلێک بکات. لەگەڵ کێشدا مۆسیقای دەرەوەی شیعر پێکدەهێنن، "کە باس لە شیعر دەکرێت، پێی ناگوترێت شیعر تا کێش و سەروای نەبێت" (عتریس،2020: 81).

دووبارەبوونەوەی دەنگەکان لە کۆتایی نیوە دێر و دێرەکان ڕیتمێکی مۆسیقی هاوئاهەنگ دروستدەکات، بەمەش مۆسیقایەکی جیاواز بە شیعرەکە دەبەخشێت و چێژی گوێگرتن بەرز دەکاتەوە. لە ڕێگەی ئەم دەنگانەوە، سەروا بەژدارە لە گۆڕینی وشەکان بۆ مۆسیقایەکی هاوسەنگ و شیعرەکە کاریگەرتر دەکات. کەواتە، سەروا توخمێکی ئاسایی نییە لە شیعردا، بەڵکو پایەیێکی بنەڕەتییە، کە بەژدارە لە بونیادنانی مۆسیقای شیعری.

لێرەدا هەموو ئەو هونەرکارییانەی سەروا، چ لە ئاستی دەنگەکانی سەروا، چ لە سەر ئاستی وشەکانی سەروا و جۆرەکانی سەروا، لە شیعرەکانی دەشتی بە ئامارێکی ورد دەرخراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە.

## 4- سەروا لە ئاستی دەنگەکانەوە

### 4-1- ڕەوی

ڕەوی و گرنگترین دەنگە لە سەروادا و تەواوی شیعری لە سەر بونیاددەنرێت. بە شێوەیەک، کە سەروا بەبێ ڕەوی دروست نابێت و ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی سەروایە. ڕەوی "ئەو دەنگەیە دەکەوێتە کۆتایی وشەی ڕەسەنی سەروا و شیعری لە سەر بنیاددەنرێت" (حەمەدەمین، 2020: 465) مەبەست لە وشەی ڕەسەنی سەروا ئەوەیە، کە وشەکە بەبێ پاشگر وەربگرین، ئەگەر هەبێت. بەڵام ئەگەر پاشگر هەبێت دەکەوێتە پێش پاشگرەکە و دەبێتە بونیادنەری سەروای شیعرەکە. ئەم دەنگەی ڕەوی لەو شیعرانەی کە سەروای یەکگرتوویان هەیە، دەبێت لە کۆتایی هەر دێڕێکدا بە هەمانشێوە دووبارە بکرێتەوە، بۆئەوەی یەکگرتوویی سەروا بپارێزرێت. لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا لە ڕیزکردنی شیعرەکان بە تایبەت غەزەل و قەسیدە و قیتعە، سوود لە ڕەوی وەرگیراوە. ئەو شیعرەی ڕەویەکەی پیتی میم بێت، پێی دەوترێت شیعری میمی، ئەوەی پیتی نونی بێت، پێی دەوترێت شیعری نونی.... هتد. لە 48 شیعر و 500 دێڕدا، ئەم دەنگانە کە ژمارەیان 13 دەنگە، بوونەتە ڕەوی (ا، ب، ت، د، ر، ز، م، ن، ی، ێ، و، س، ل-ڵ) لە خوارەوەشدا بۆ هەر یەک لە ڕەوییەکان نموونەی شیعری هێنراوەتەوە، لەگەڵ ڕادەی بەکارهاتنیان لە سەر ئاستی ژمارەی شیعر و ژمارەی دێڕەکان.

- دەنگی (ا)، 5 شیعر، 39 دێڕ.

زاڵـــم وەرە ئـــەم فیتنەوو ئـــەم حـــاڵە، هەتاِ کەی؟

وا چاکە، کە ڕوومەت لە من و ڕوو لە خوداِ کەی (دەشتی، 2012: 91)

- دەنگی (ب)، 4 شیعر، 31 دێڕ.

ئەی ئەو کەسە بێ میسلە لە ئەتراف و جەوانیبِ

وەی ئەو کەسە بێ شوبهە لە ئەغیار و ئەجانیبِ (دەشتی، 2012: 135)

- دەنگی (ت)، 3 شیعر، 25 دێر.

بە ڕیزەی ئەشکی خوێنینم، کەوا هەم تاق و هەم جووتـِن

لە نێو بازاڕی ڕەوحانی، مـەلائیک مـــات و مەبــهــووتـــِن (دەشتی، 2012: 61)

- دەنگی (د)، 2 شیعر، 26 دێر.

بانامەیی ئەیازم وەسڵێ بداتە مەحمـوودِ

تاجامەیی نیازم، ئەمڕۆکە بێتە مەوجوودِ (دەشتی، 2012: 129)

- دەنگی (ر)، 16 شیعر، 248 دێر.

بۆ یارەکانی کۆن و بەگزادەکــانی ســـەروەرِ

ئەم نامە وا دەنێرم پڕ عەتر و پڕ لە شەککەرِ (دەشتی، 2012: 39)

- دەنگی (ز)، 2 شیعر، 12 دێر.

ژ مە دەعوایێ ویسالٚ و ژ تە مەنعێ بە مەجازِ

سەنەدێ مەنعێ تە باتیل بویە ئیرۆ بە مەجـازِ (دەشتی، 2012: 41)

هەرچەندە لە هەر دوو لەتەکەدا، کە دێری یەکەمی شیعرەکەیە، وشەی سەروا (مەجاز) دووبارەبۆتەوە، بەڵام "دووبارەبوونەوەی وشە بە هەمانشێوە و ماناوە بۆ سەروا تەنیا لە دێری یەکەمدا، لە هەر دوو لەتدا ڕێگای دراوە" (گەردی، 1999: 342 وەریگرتووە لە دکتور حسین نصار، 1980: 108)، بەڵام بە بۆچوونی شارەزایانی بواری سەروا دووبارەکردنەوەی وشەی سەروا لە دێری دواتر یان دێرێکی نزیک لە خۆی بە دووری کەمتر لە سێ دێر یان پێنج دێر، هەندێکیشیان دەڵێن حەوت دێر بە کەموکووڕییان لە سەروای شیعرەکە داناوە. وشەکانی تری سەروا بریتین لە (ریاز، نەماز، حجاز، نیاز).

- دەنگی (م)، 2 شیعر، 16 دێر.

ساقـــی وەرە یەک بـادە شەرابـت، بدە مـــادەمِ

واجیب بە مەلەک وەسڵی تۆ بۆ سوجدەیی ئادەمِ (دەشتی، 2012: 43)

- دەنگی (ن)، 7 شیعر، 52 دێر.

لە دەوری دەرگەهت یا ڕب، عەجەب شێواوی گـریــــانِم

عەفو مەطلوب و ڕوو مەحجووب، مەست و سینە بریانِم (دەشتی، 2012: 141)

- دەنگی (ی)، 1 شیعر، 6 دێر.

بۆ ئەو کەسە حوکمی لە هەموو جێگەیێ سارِێ

عیز و شـەرەفــی کـوردە، کە مەتلــوبە لـە بارِێ (دەشتی، 2012: 132)

- دەنگی (ێ)، 1 شیعر، 7 دێر.

دلــبەرا فەوتــا لـەســەر ئــەم ڕێــگە، عەین و میم و ڕێ

عومرەکەم چوو، یەک هەناسەم ماوە دەرچێ ڕێ و حێ (دەشتی، 2012: 101)

- دەنگی (و)، 2 شیعر، 15 دێر.

منی پڕ فیتنە هــــەردەم، ئاتەشی فیرقەت لە چاوِم دێ

بە هیجرانت هەموو دەم بۆی کەبابی، نێو هەناوِم دێ (دەشتی، 2012: 103)

- دەنگی (س)، 1شیعر، 7 دێر.

ئەی شاهــی سلێمانی، بێ بابــو و کەسِت کردیـن

بۆ لەو دەمە یەکجاری، بێ خزم و کەسِت کردین (دەشتی، 2012: 124)

لێرەشدا شاعیر وشەی سەروای لە لەتی یەکەم و دووەم دووبارەکردۆتەوە، وشەی (کردین) بۆتە پاش سەروا، وشەکانی تری سەروا بریتین لە (دەست، هەوەست، فەڕەست، جەڕەست، نەفەست، کەبەست).

- دەنگی (ل-ڵ)، 2 شیعر، 16 دێر.

جانا وەرە سەر تەختی هەمایۆنی ویسالا

اذ فـات لـک الــروح مــن الهجـر قتــالا (دەشتی، 2012: 113)

لەم خشتەی خوارەوەدا بە وردی ئاماری ژمارە و ڕێژەی ئەو دەنگانەی لای دەشتی بوونەتە ڕەوی، لە ئاستی ژمارەی شیعرەکان ژمارەی دێرەکان خراونەتەڕوو:

| ز | دەنگی ڕەوی | ژمارەی شیعر | ڕێژەی سەدی | ژمارەی دێر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ا | 5 | 10,42 | 39 | 7,80 |
| 2 | ب | 4 | 8,33 | 31 | 6,20 |
| 3 | ت | 3 | 6,25 | 25 | 5 |
| 4 | د | 2 | 4,17 | 26 | 5,20 |
| 5 | ر | 16 | 33,33 | 248 | 49,60 |
| 6 | ز | 2 | 4,17 | 12 | 2,40 |
| 7 | م | 2 | 4,17 | 16 | 3,20 |
| 8 | ن | 7 | 14,58 | 52 | 10,40 |
| 9 | ی | 1 | 2,08 | 6 | 1,20 |
| 10 | ێ | 1 | 2,08 | 7 | 1,40 |
| 11 | و | 2 | 4,17 | 15 | 3 |
| 12 | س | 1 | 2.08 | 7 | 1,40 |
| 13 | ل-ڵ | 2 | 4،17 | 16 | 3,20 |
| کۆی گشتی | | 48 | 100 | 500 | 100 |

خشتەی ژمارە (1) دابەشبوونی ڕەوی بە سەر دەنگەکان

## 2-4- پێش ڕەوی

پێش ڕەوی بەشێکە لە پێکهاتەی ڕەسەنی وشەی سەروا، ئەو دەنگانە لەخۆدەگرێت، کە دەکەونە پێش دەنگی ڕەوی لە سەرەتای شیعرەکەوە تاوەکو کۆتایی دووبارەدەبنەوە "بە

دووبارەبوونەوەیان لە هەموو دێرە شیعرەکاندا مۆسیقای شیعرەکە درێژتردەکەنەوە" (سلیمان، 2017: 18). دەشتی لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە پێش ڕەوی داوە، زۆربەی شیعرەکانی زیاتر بەم هونەرە ڕازاندۆتەوە و مۆسیقای شیعرەکانی ئاوازدارتر و قوڵترکردۆتەوە، ژمارەی ئەو شیعرانەی کە پێش ڕەویان هەیە بریتین لە 43 شیعر و 461 دێر. پێش ڕەوی چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت، ئەوانەی لای دەشتی ڕەنگیانداوەتەوە، بە ژمارە و نموونەی شیعری خراونەتەڕوو کە بریتین لە:

### 4-٢-1- ڕیدف

یەکێکە لە جۆرەکانی پێش ڕەوی "ئەو بزوێنە درێژە یان ئەو نەبزوێنە وەستاوەیە کە لە پێش پیتی ڕەوی دێت بەبێ پچڕان" (مستور، 2023: 90)، واتە، ڕاستەوخۆ لە پێش دەنگی ڕەوی دێت. ڕیدفیش چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت (ڕیدفی ئەصلی، ڕیدفی زائید، ڕیدفی مورەککەب)، بەڵام لای دەشتی تەنیا ڕیدفی ئەسلی دەرکەوتووە، کە "بریتییە لەو بزوێنە درێژانەی کە ڕاستەوخۆ لە پێش ڕەوی دێن" (عزیز، 2016: 188)، ڕیدفی زائید و ڕیدفی مورەککەب دەرنەکەوتوون. لە کۆی شیعرەکانی 35 شیعر و 391 دێر، ئەم هونەرەی لەخۆگرتووە، لە ناو بزوێنە درێژەکانیش لای شاعیر تەنیا (ا، ێ وو) دەرکەوتوون، بۆ هەریەکەیان نموونە و ژمارەی شیعر و دێر خراوەتەڕوو.

- دەنگی (ا)، 27 شیعر، 322 دێر. وەک:

سـحەرێ دل ژ خوناڤێتە، نە سوهتی بوو ژ تاب

لێ ب یەک کورە فیراقێتە، مە دل بوونە کەبــاب   (دەشتی، 2012: 27)

وشەکانی (تاب، کەباب) وشەی سەروان، دەنگی (ب) ڕەوییە، دەنگی (ا) پێش ڕەوی – ڕیدفی ئەسلییە.

- دەنگی (ێ)، 5 شیعر، 36 دێر. وەک:

یارەب چ هەوایــێکە، لــە گـوڵـزاری حەبـیـبـم

شێوەی لە چەمەن خستە عەدەمگاهی، حەسیبم (دەشتی، 2012: 55)

وشەکانی (حەبیبم، حەسیبم) وشەی سەروان، دەنگی (ب) ڕەوییە، دەنگی (یـ) پێش ڕەوی – ڕیدفی ئەصلییە.

- دەنگی (وو)، 3 شیعر، 33 دێر.

چلەی زستانە، چـاوی مـن دەبـارێنــێ غەمــی دووری

دەرێژێ هەوری غەم، ماتەم نشینم بەرقی ڕێی سووری (دەشتی، 2012: 95)

وشەکانی (دووری، سووری) وشەی سەروان، دەنگی (ر) ڕەوییە، دەنگی (وو) پێش ڕەوی – ڕیدفی ئەصلییە.

**4-٢-٢- قەید**

پێش ڕەوی قەید "ئەو نەبزوێنەیە کە لە نێوان بزوێنی کورتی برگەی کۆتایی و ڕەوی دێ" (گەردی، 1999: 131). ئەمەیان بە ڕێژەیەکی زۆرکەم لای شاعیر دەرکەوتووە، تەنیا لە 1 شیعر و 7 دێر خۆی دەنوێنێت. وەک:

یارەکــەم ئیمرۆکــە ساتێ هـــاتە سەربانـــی ســـەفا

حەججی خۆی کرد و هەموو روکنی ئەداکرد بە سەفا (دەشتی، 2012: 21)

وشەکانی (سەفا، سەفا) وشەی سەروان، دەنگی (ا) ڕەوییە، دەنگی (ف) پێش ڕەوی – قەیدە، بزوێنی کورتی (ـە) کە لە کۆتایی برگەیە، لە پێشی هاتووە.

**٤-2-3- تەئسیس**

ئەم جۆرەی پێش ڕەوی "ئەو ئەلفەیە کە لەگەڵ ڕەویدا تیپێکی نەبزوێنیان بەینە" (عتیق، 1987: 161)، لە ناو وشەی سەروادایە. لە سەر شاعیر پێویستە لە سەرەتای شیعرەکەوە تاوەکو کۆتایی پێیوە پابەند بێت (أنیس، 1952: 271). ئەگەر تیپی ئەلف ڕاستەوخۆ لە پێش ڕەوی هات دەبێتە

ڕیدفی ئەسڵی، بەڵام ئەلفی تەئسیس ڕاستەوخۆ لە پێش ڕەوی نایەت، بەڵکو تیپی تریان بەینە. ئەم هونەرە لای دەشتی تەنیا لە یەک شیعری حەوت دێریدا، بە هاوبەشی لەگەڵ دەخیل و ئیشباع دەرکەوتووە، شاعیر لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی پێیوە پابەند بووە:

بۆ ئەو کەسە بێ میسلە لە ئەتراف و جەوانیـــب

وەی ئەو کەسە بێ شوبهە لە ئەغیار و ئەجانیب (دەشتی، 2012: 135)

وشەکانی (جەوانیب، ئەجانیب) وشەی سەروان، دەنگی (ب) ڕەوییە، دەنگی (ا) لە هەردووکیاندا پێش ڕەوی – تەئسیسە.

### 4-2-4- دەخیل

هەروەک لە بابەتی تەئسیس ئاماژەمان پێکرد، "ئەو پیتە نەبزوێنەیە کە دەکەوێتە نێوان ئەلفی تەئسیس و ڕەوی" (عابد، 2012: 115)، ڕاستەوخۆ لە دوای تەئسیس دێت. ئەو پیتە نەبزوێنەی "دەخیل دەشێ بگۆڕدرێت" (گەردی، 1999: 134). واتە، دەتوانرێت چەند نەبزوێنێک لە یەک شیعردا ڕۆڵی دەخیل ببینن. دەشتی لە یەک شیعری حەوت دێریدا، هاوبەش لەگەڵ تەئسیسدا ئەم هونەرەی ئەزموون کردووە. وەک لەم دێرەدا خراوەتەڕوو و دواتر ڕوونکردنەوەی پێویست دراوە.

بۆ ئەو کەسە بێ میسلە لە ئەتراف و جەوانیـــب

وەی ئەو کەسە بێ شوبهە لە ئەغیار و ئەجانیب (دەشتی، 2012: 135)

وشەکانی (جەوانیب، ئەجانیب) وشەی سەروان، دەنگی (ب) ڕەوییە، دەنگی (ا) لە هەر دووکیاندا پێش ڕەوی – تەئسیسە، لەم دێرەدا دەنگی (ن) بۆتە دەخیل. بەڵام لە دێرەکانی تر

دەنگەکانی (ج، هـ ، ت، ل، ئـ ، هـ) بوونەتە دەخیل، وەک لەم وشانەی سەروای دێرەکاندا دیارە (واجیب، واهیب، رەواتیب، قەوالیب، زەرائیب، مەواهیب)

### 4-2-5- ئیشباع

ئیشباع پەیوەستە بە دەخیل، ئەگەر دەخیل هەبێت، ئیشباعیش هەیە "بریتییە لە حەرەکەی دەخیل" (جنی، 1975: 29) ئەم حەرەکانەی دەخیل لە زمانی کوردیدا بریتیین لە، ئەلف بەرامبەر سەر (فتحة) ی عەرەبی، واو بەرامبەر بۆر (ضمة) و یا بەرامبەر ژێر (كسرة). دەکەوێتە نێوان دەخیل و ڕەوی، لای دەشتی تەنیا لەو شیعرە دەرکەوتووە کە لە تەئسیس و دەخیل پیشاندرا:

بۆ ئەو کەسە بێ میسلە لە ئەتراف و جـەوانیــب

وەی ئەو کەسە بێ شوبهە لە ئەغیار و ئەجانیـب (دەشتی، 2012: 135)

وشەکانی (جەوانیب، ئەجانیب) وشەی سەروان، دەنگی (یـ) بۆتە ئیشباع، لە وشەکانی تری سەروای دێرەکانی تریش بە هەمانشێوە دووبارەبۆتەوە (واجیـب، واهیـب، رەواتیـب، قەوالیـب، زەرائیب، مەواهیـب).

### 4-2-6- تەوجیهـ


بریتییە لە بزوێنی کورت، کە لە پێش ڕەوی دێت (فاخوری، 1996: 146). ئەو دەنگە بزوێنانە ڕاستەوخۆ لە پێش ڕەوی دێن، لای دەشتی تەنیا بزوێنی کورتی (ە) بۆتە تەوجیهـ کە پێکهاتووە لە، 6 شیعر، 56 دێر. وەک لەم نموونەیەدا پیشاندراوە:

سوبحەینەیی هیـجرانی تۆ، ئەمــڕۆ کەدەری بوو

وەک ڕەوزەیی سینەی سەدەفی تۆ، خەبەری بوو (دەشتی، 2012: 90)

وشەکانی (کەدەری، خەبەری) وشەی سەروان، دەنگی (ر) ڕەوییە، دەنگی (ە) پێش ڕەوی – توجیهە.

لەم هێلکارییەی خوارەوەدا کۆی گشتی و ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی پێش ڕەوی لە سەر ئاستی ژمارەی شیعر پیشاندراوە.




وێنەی 1. هێلکاری دابەشبوونی جۆرەکانی پێش ڕەوی

**4-3- پاش ڕەوی**

هاتنی پاش ڕەوی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی سەروا، مۆسیقا و ڕیتمێکی زیاتر بە شیعر دەبەخشێت. پاش ڕەوی "ئەو دەنگانەیە کە لە دوای دەنگی ڕەوی دێت" (عزیز، 2016: 193)، ئەو دەنگانەش "زیاتر پاشگر و زیادەی ڕێزمانین و بە وشەی سەرواوە دەلکێن" (حەمەدەمین، 2020: 472)، دەبێت دەنگەکانی پاش ڕەوی لە ناو وشەی سەروا بن، ئەگەر لە دوای وشەی سەروا هاتن دەبنە پاش سەروا. ئەمەشیان دەبێتە دوو جۆر، پاش ڕەوی ئەسڵی و پاش ڕەوی زیادە. ئەو پاش ڕەویانەی لە شیعرەکانی دەشتیدا دەرکەوتوون هەمویان لە جۆری پاش ڕەوی زیادەن، واتە، لە ئەسڵی وشەکە نین، بەڵکو زیادەی ڕێزمانین. لە کۆی شیعرەکانی دەشتیدا 35 شیعر 269 دێڕ، پاش ڕەوی زیادیان هەیە، ئەمانەش لە زیادەی ڕێزمانی تاک مۆرفیمی و زیادەی ڕێزمانی فرە مۆرفیمی پێکهاتوون. بریتین لەمانەی خوارەوە:

- (یتی)، ی: خستنەسەرە، ت: ناو.بەندە، ی: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک، 1 شیعر، 8 دێر.

لە کاسی فیرقەتا، دڵ مەستی فیکری وەســـڵی یاریتی

لە باسی هیجرەتا، گوڵ بەستەڕووی فەسڵی بەهاریتی (دەشتی، 2012: 93)

- (م) جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک، 8 شیعر، 64 دێر.

ئیمـرۆکە غەریــبم من، بۆییکە پەریشــانم

هـەردەم لە مەکانێکم، بۆ ڕوویی پەریخانم (دەشتی، 2012: 54)

- (وە) پاشکۆیە، 1 شیعر، 8 دێر.

مەسرورە بە ئیزهاری شەفەق، دڵ لە ســەماوە

مەجــبوورە بە ئاتەش ڕووحی پەروانە لە تاوە (دەشتی، 2012: 77)

لێرەدا لە لەتی یەکەم (وە) پاش ڕەوییە، لە لەتی دووەمیش (ە) بۆتە پاش ڕەوی، بەڵام لە هەموو دێرەکانی دواتر (وە) پاش ڕەوییە.

- (ی) جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک، 9 شیعر، 68 دێر.

لە یـاران موژدە بـــێ ئەمڕۆ، بەهــاری دڵ زهــووری بوو

لە شەوقی ڕوویی گوڵ، بولبول دەمێ ڕەفعی ختووری بوو (دەشتی، 2012: 83)

- (ما)، م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک، ا: ئامرازی خستنەسەرە، 1 شیعر، 7 دێر.

ئەی وای چ ئیشێکە لەسەر بەندی جگەرما

برژاوی چ شیشێکە دڵم، بەم شەبی سەرما (دەشتی، 2012: 19)

لەم نموونەیەدا هەر چەندە لە لەتی دووەمدا کەموکووڕی هەیە (ما) بەشێکی ڕەسەنی وشەکەیە و نابێتە پاش ڕەوی، بەڵام شاعیر لە لەتی یەکەم و هەموو دێرەکانی تر بە پاش ڕەوییەکە پابەند بووە، وشەکانی سەروا بریتین لە (حەزەرما، خەتەرما، خەبەرما، وەسەرما، سەیرما، قەمەرما).

– (ت) جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک، 2 شیعر، 14 دێر.

تەجدیدی ســەباحم بۆوە نەرگــس، بە نەسیمــت

مەشقی هەوەسم، کەوتە سەر ئەوراقی بە سیمت (دەشتی، 2012: 31)

– (ن) جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، 1 شیعر، 7 دێر.

بە ڕیزەی ئەشکی خوێنینم، کەوا هەم تاق و هەم جووتن

لــەنێو بــازاڕی ڕەوحــانی، مەلائیک مــات و مــەبهووتن (دەشتی، 2012: 61)

– (ا) پاشکۆیە، 2 شیعر، 16 دێر.

دلبەر چیە ئەم ڕۆژە هەموو دەم لە نیقابا

قــد اقتـضـت الــرحمة والـنـور حـجابـا (دەشتی، 2012: 107)

– (ا) نیشانەی دۆخە، 1 شیعر، 7 دێر.

جانا وەرە سەر تەختی هەمایۆنی ویسالا

اذا فــات لـک الــروح مـن الـهجری قتالا (دەشتی، 2012: 113)

– (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا، 1 شیعر، 7 دێر.

حوزنم لەسەر ئەم سیرەتە رووی دا بە دووبارە

بـــارانە لە چــاو، غەم لە هەناو، ڕووح لە فیرارە (دەشتی، 2012: 71)

لە لەتی یەکەم (ە) لە وشەی (دووبارە) بەشێکە لە ڕەسەنی وشەکە، بەڵام بە هۆی بێهێزی ناتوانێت ببێت بە ڕەوی و دەبێتە پاش ڕەوی ئەسڵی، بەڵام لە لەتی دووەمدا کە بریتییە لە (فیرار+ە) بەم شێوەیە لە هەموو دێڕەکانی تریش زیادەی ڕێزمانییە و دەبێتە پاش ڕەوی زیادە.

- (ەوە) پاشکۆیە، 2 شیعر، 18 دێر.

دەڵێن یاری خونچە لەب ئەوا هاتە شارەوە

ئەنووسیَ جەفـــای بولبول، دڵی بە زارەوە (دەشتی، 2012: 73)

- (مە)، م: ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک، ە: مۆرفیمی کاتی ئێستا. 1 شیعر، 5 دێر.

ڕەنگ و ڕووی گوڵناری من، هەم دوژمن و هەم یارمە

بۆ ڕووخـــــــی ئەو، ڕووحی شیرین، دائیمەن ئەغیارمە (دەشتی، 2012: 75)

- (ەکەت)، ەکە: مۆرفیمی ناسراوی، ت: ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک. 1 شیعر، 9 دێر.

فیدایی پەرچــەمی پڕ چینەکەت بم

فیدای باغی لە بن پەرژینەکەت بم (دەشتی، 2012: 47)

- (ێکی)، ێک: مۆرفیمی نەناسراوی، ی: ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک. 1 شیعر، 8 دێر.

حەبیبی دڵـی من بەهارێـکی بوو

کە کۆچی دڵی من هەوارێکی بوو (دەشتی، 2012: 82)

- (ەکەم)، ەکە: مۆرفیمی ناسراوی، ت: ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک. 2 شیعر، 16 دێر.

یاری عەلەمدارەکەم، هاتەوە سەر شارەکەم

هاتەوە سەر شارەکەم، یاری عەلەمدارەکەم (دەشتی، 2012: 42)

– (ییە)، ی: مۆرفیمی وشەدارێژە، ی: ناوبەندە، ە: مۆرفیمی کاتی ئێستایە. 1 شیعر، 7 دێر.

غوربەت و حوزن و جەفا، بۆ دڵ مەقامــی شادییە

شادیی و خۆشی نەبوون، نیشانی زەحمەت زادییە (دەشتی، 2012: 79)

**5-سەروا لە ئاستی وشەکانەوە**

سەروا لە ئاستی وشەکانەوە دەبێتە دوو جۆر، ئەوانیش پێش سەروا (حاجیب) و پاش سەروا (ڕەدیف)ە، لە شیعرەکانی دەشتیدا جۆری یەکەمیان کە پێش سەروایە، بەرچاوناکەوێت و نەبۆتە بەشێک لە پێکهاتەی هونەری سەروای شیعرەکانی دەشتی، بەڵکو شاعیر تەنیا گرنگی بە پاش سەروا داوە.

**5-1- پاش سەروا (ڕەدیف)**

پاش سەروا بەوە پێناسە دەکرێت، کە "بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر کە سەربەخۆن و لە دوای وشەی سەروا دووبارە دەبنەوە بەهەمان واتا" (میرزا، 1362 هەتاوی: 93)، وشەیەک یان دەستەواژەیەک یاخود ڕستەیەک بۆئەوەی ببێتە پاش سەروا، دەبێت لە دوای وشەی سەروای هەموو دێرەکان بە هەمانواتا دووبارەببێتەوە، بەمەش مۆسیقایەکی کاریگەرتر بە شیعرەکە دەبەخشێت و بونیاد و پێکهاتەی سەروا بەهێزتر دەکات. لە شیعرەکانی دەشتیدا. لە کۆی 72 شیعر، 22 شیعر و 163 دێر پاش سەروایان هەیە، لە 18 پاش سەروای جیاواز پێکهاتووە. لەم 22 شیعرەی کە پاش سەروایان هەیە، شاعیر لە 7 شیعر و 53 دێردا پابەندبووە بە یاساکانی سەروا و پاش سەروا. واتە، لەم شیعرانەدا لە هەموو دێرەکاندا وشەی سەروامان هەیە و پاش سەرواش بەداودا هاتووە، کە بریتین لە (بم (دووجار)، بوو، ناکەوی، دێ، کردین، یارەسوڵەڵلا)، بەڵام لە 15 شیعر و 110 دێردا، شاعیر پابەندنەبووە بە یاساکانی سەروا و پاش سەروا، چونکە بەپێی پێناسە و تایبەتمەندییەکانی سەروا، کاتێک پاش سەروا دێت، دەبێت وشەی سەروا هەبێت، ئەم وشەی سەروایە، سەروای شیعرەکەی ڕاگرتبێت، پاشان بۆ بەهێزی مۆسیقاکەی شاعیر پاش

سەرواش بەدوایدا دێنێت، بەڵام لەم شیعرانەدا پاش سەروا هەیە و وشەی سەروا نییە، ئەمەش دەبێتە کەموکووڕی لە سەروای شیعرەکە، ئەم پاش سەروایانەش بریتین لە (دەکا (دووجار)، یارەب، بەسەرداهات، لە باغی گوڵان، دڵی من، هاتەوە، بوو(دوو جار)، ئیمڕۆ، تۆ، چوو، کوردانم، بێ، چبکەم). بۆیە لە خوارەوە تەنیا ئەو پاش سەروایانەی کە وشەی سەروایان هەیە بە نموونەی شیعری دەخەینەڕوو:

- کاری (بم)، دووجار بۆتە پاش سەروا:

فیدایی پەرچەمی پڕ چینەکەت بم

فیدای باغی لە بن پەرژینەکەت بم (دەشتی، 2012: 47)

- کاری (بوو)

سوبحەینەیی هیجرانی تۆ، ئەمڕۆ کەدەری بوو

وەک ڕەوزەیی سینەی سەدەفی تۆ، خەبەری بوو (دەشتی، 2012: 90)

- کاری (ناکەوی)

چیدی بە من جەفا مەدە، دین و دڵم بە با مەدە

عەتری سەبا هەبا مەدە، حەسرەتە دەستی ناکەوی

ڕەنگە لە عالەمی سەما، دەنگە لە سەیری پڕ سەما

بەنگە لە باری ماتەما، ڕوو لە هەوەستی ناکەوی دەشتی، 2012: 99)

- کاری (دێ)

منی پڕ فیتنە هەردەم، ئاتەشی فیرقەت لە چاوم دێ

بە هیجرانت هەموو دەم بۆی کەبابی، نێو هەناوم دێ (دەشتی، 2012: 103)

- کاری (کردین)

ئەی شــاهــی سلێمانی، بێ بابو و کەست کردین


بۆ لەو دەمە یەکجاری، بێ خزم و کەست کردین   (دەشتی، 2012: 124)

- یا ڕەسوڵەللا

ئەزانــی خـۆ چلۆن بێزارە ژینـم، یا ڕەسوڵەللا

بە ئەشکی چاوەکانی پڕ لە خینم، یا ڕەسوڵەللا   (دەشتی، 2012: 140)

لەم هێلکارییەی خوارەوەدا کۆی گشتی شیعرەکان و ڕێژەی سەدی هاتنی ڕەوی بزوێن (بزوێنی درێژ)، ڕەوی نەبزوێن، ڕەوی بزوێن و پێش ڕەوی، ڕەوی نەبزوێن و پێش ڕەوی، ڕەوی و پاش ڕەوی، ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەوی، ڕەوی و پاش سەروا، ڕەوی و پاش ڕەوی و پاش سەروا، لە 48 شیعردا کە کێشەی ڕەویان نییە، پیشاندراوە:




وێنەی 2. هێلکاری دابەشبوونی سەروا لە ئاستی دەنگ و وشە

## 6- جۆرەکانی سەروا

سەروا وەک ڕەگەزێکی گرنگی بونیادی مۆسیقای شیعر، لە شیعرەکانی دەشتیدا جوانییەکی زیاتری بە دەقەکانی داوە، لێرەدا بەپێی جۆری دەرکەوتنی سەروای شیعرەکانی دەشتی، باس لە جۆرەکانی سەروا دەکەین.

**1-6- سەروای یەکگرتوو**

سەروای یەکگرتوو یەکێکە لەو سەروایانەی کە لە شیعری کلاسیکدا بەکارهێنانێکی زۆری هەیە بەشێوەیەک "زۆربەی شیعرەکان لە شێوەی قاڵبەکانی غەزەل و قەسیدە و قیتعە هۆنراونەتەوە" (باڵەکی، 2005: 138) بەم جۆرەی سەروا، بریتییە لە "پاتبوونەوەی ئەو دەنگە یان ئەو چەند دەنگانەی وشەی سەروا دروستدەکەن لە کۆتایی لەتی دووەمی سەرجەم شیعرەکە پات دەبێتەوە" (وەلی، 2023: 130). واتە، سەرواکەی لە دێری یەکەم تاوەکو کۆتایی شیعرەکە بە شێوەی (ا ا، ب ا، ج ا ...) دەبێت. لە کۆی شیعرە کوردییەکانی دەشتیدا، کە ژمارەیان 72 شیعر و 1131 دێرە، 48 شیعر و 500 دێر، سەروای یەکگرتووی هەیە.

دەڵێن یاری خونچە لەب ئەوا هاتە شارەوە ...... ا

ئەنووسێ جەفـــای بولبول، دڵی بە زارەوە ...... ا

لـــە تەحریری فیرقەتـا، دەلەرزی لە حیدەتیا ..... ب

گـــەلای ویسـاڵی منە، لەنـــاو لێرەوارەوە ....... ا (دەشتی، 2012: 73)

لەم شیعرەدا لە دێری یەکەم وشەکانی سەروا بریتین لە (شارەوە، زارەوە)، دەنگی (ر) ڕەوییە، (ەوە) پاش ڕەوییە. لە دێری دووەمدا لەتی یەکەم سەروای گۆڕاوە، لەتی دووەم سەرواکەی چۆتە سەر دێری یەکەم. وشەکانی تری سەروا بریتین لە (دارەوە، قەتارەوە، لارەوە، سەرچنارەوە، هوزارەوە، کاروبارەوە، عوزارەوە).

### 6-2- سەروای مەسنەوی

سەروای مەسنەوی یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری دەشتی "بریتییە لەو سەروایەی کە هەردوو نیوە دێڕی شیعرێک لەسەر یەک سەروا دەڕۆن" (ئەحمەد، 2014: 70). واتە، هەر دێڕێک سەروای تایبەت بەخۆی هەیە، بەم شێوەیە (ا ا، ب ب، ج ج،...). ئەم جۆرەی سەروا، بە شێوەیەکی گشتی لە شیعرە درێژەکاندا بەکاردەهێنرێت، چونکە یارمەتی شاعیر دەدات بە شێوازێکی ئاسان بیرۆکەکانی خۆی بگەیەنێت و هەناسەی درێژتر دەکات. سەروای مەسنەوی تەنیا وەک تایبەتمەندییەکی شیعری نییە، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامەکان و دروستکردنی مۆسیقایەکی بەجۆش بەکارهاتووە. دەشتی لە ڕێگەی ئەم جۆرەی سەروایەوە توانیویەتی مەولوودنامەکەی کە پێکهاتووە لە 424 دێر بەم سەروایە بهۆنێتەوە. وەک لەم چەند دێرەدا خراوەتەڕوو:

ئەی خودایی بێ شەریک و بێ مەکــان ...... ا
هەر ئەتوی قەت بەسەرتا نایێ زەمــان ...... ا
موستەحەقی حەمدی حەمدت بۆ دەکەم ...... ب
مل کەچ و شوکرانەم و مەدحت دەکەم ...... ب
هەر هەبووی و هەر دەبی تاکــو ئەبەد ...... ج
بێ هــەواڵ و باب و داک و بــێ وەلەد ...... ج (دەشتی، 2022: 19)

### 6-3- سەروای کۆپلەبەند

مەبەست لە سەروای کۆپلەبەند، بریتییە لە سەروای ئەو شیعرانەی کە بەشێوەی کۆپلە نوسراون، سەروای هەر کۆپلەیەک جیایە لە کۆپلەکەی تر. بۆ ناوەڕۆکی درێژ بەکارهێنراوە، ئەم جۆرە سەروایە چەندین قالب و سیستەمی جیاواز هەیە، دەشتی دوو جۆر قالبی لە سەروای کۆپلەبەند بەکارهێناوە، بریتین لە:

### 6-3-1- سەروای چوارینەبەند

ئەم جۆرە هونەرە پێکهاتووە لە چەند بەندێکی چوار نیوە دێری، لای شاعیرانی کلاسیکی کورد بۆ ماوەیەک باو بووە و پەیڕەو کراوە بە شێوەی "(اااا ب ب ب ا ج ج ج ا ......)" (خەزنەدار، 2001: 167). دەشتی 2 شیعر و 13 کۆپلەی بەم جۆرە سەروایە هۆنیوەتەوە، لە شیعرێکیان ئەم جۆرە قالبەی سەرەوەی بەکارهێناوە، بەڵام لە شیعرەکەی تردا گۆڕاوە بۆ (ا ا ا ب، ج ج ج ب، د د د ب) سێ لەتی یەکەم لە هەر بەندێکدا سەروایەکی جیاوازیان هەیە، لەتی چوارەمی هەموو بەندەکانیش یەک جۆر سەروا هەیە. بۆ نموونە:

ئـــەی گـەلــی ئـەشـرافی کوردان بۆ خەریکی زیللەتن ....... ا

بۆچــی وا دائـیم خەریکــی، قـووتـی مولک و میللەتن ....... ا

بۆچـی وا دەعیە و تـەکەبـبور لێـئەدەن، پڕ حیددەتن ....... ا

چاکە شەرمێ کەن لە عالەم، سەربەخۆ کا کەن لە دەم ...... ب

مــەرکــەزی خـاکـی سـلێمانـی خییانـەت تـێکـیـدا ....... ج

خـۆبەخـۆ هــەرچـی کـە هـات و قووەت و قەولێکیدا ....... ج

تاجــی ئـیستقلال بـەسـەرچوو، چ نـەفـعێکـی نــەدا ....... ج

چـەقـقە لــولــە و بابەڕۆ، پشـتـم شـکـا ڕۆژی نـەدەم ... ب   (دەشتی، 2012: 125)

### 6-3-2- سەروای پێنجینەبەند

ئەم جۆرە قالبەش لە سەروای کۆپلەبەند هەروەکو چوارینەبەند خۆی دەنوێنێت، تەنیا لەوە جیاوازن کە لەتە دێرێکی لە چوارینەبەند زیاترە و دەبێتە پێنج لەتە دێر، دەشتی 3 شیعر و 21 کۆپلەی بەم قالبە هۆنیوەتەوە. سەرواکانیان بریتییە لە (ا ا ا ا ا، ب ب ب ب ا، ج ج ج ج ا).

لەشـكرى غـەم هاتە سەر شـــارى دڵـم، ئـەى يـــارەكـەم ... ا

بۆيێ من ڕەنگ زەردم و هەم هەر لەحزە وا هاوار دەكەم ... ا

شـەو بە قەلـبى پڕ برين، ئەشكالــى تـۆ ئيجاد دەكـــەم ... ا

ئـــــاورى فيرقەت لە كـــوورەى سينەدا، پەيـــدا دەكـــەم .... ا

ســا حەيـــاتم بـۆ چييە ئـــەى قـەد نـەمـــامى باغەكـەم ..... ا

مـن كــە خاكـى ژێـرى پـاتـم، ڕێگە بۆچـى تەركەكەى .... ب

خۆ منيش وەك عالەمـــى تر، عـاشقم بۆ فـــەرقــەكــەى .... ب

مـوستەحـەققى مـەرحــەبام و بۆچـى غەدرم لێ دەكەى .ـ.. ب

نـالەيــى من عـالـەمـى سـووتـاندووە و تۆ سەيرەكەى ـ... ب

ســا حەيـــاتم بـۆ چييە، ئـەى يـوسـفى كـەنعانــەكـەم ـ..... ا (دەشتی، 2012: 45)

**4-6- جووت سەروا**


هونەری ئەم جۆرە سەروایە "ئەوەیە شاعیر هۆنراوەکە لەسەر دوو سەروا بنیات بنێ" (گەردی، 1999: 82). واتە، هەڵدەستێت بە دانانی دوو وشەی سەروا لە کۆتایی هەر دێرە شیعرێک، ئەگەر وشەی سەروا لابدەین، وشەکەی تری پێش خۆی دەتوانێت لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی سەروای شیعرەکە ڕابگرێت. ئەم جۆرەشیان لای دەشتی لە شیعرێکی 7 دێریدا دەرکەوتووە. شاعیر توانیویەتی بە دوو سەروای جیاواز مۆسیقای شیعرەکە ڕازاوەتر بکات.

سەدای یاسینە یاشینە؟ لە دەم <u>زیندانی</u> <u>بیماران</u>

گلـەی نازینە یازینە؟ لە مەم <u>دەرمانی</u> <u>تیماران</u> (دەشتی، 2012: 59)

وشەکانی سەروای یەکەم (بیماران، تیماران)، دەنگی (ر) ڕەویە، (ان) پاش ڕەوییە زیادەیە. ئەگەر ئەم سەروایە لاببردرێت، وشەکانی پێش خۆی توانای ئەوەیان هەیە ببن بە سەروای شیعرەکە، کە بریتین لە (زیندانی، دەرمانی)، دەنگی (ن) ڕەوییە، دەنگی (ی) پاش ڕەوییە زیادەیە. لە دێرەکانی تریش بەم شێوەیەیە (ژانی ئێواران، هەیوانی ڕێداران، تیرانی کەمینداران، مانی ئەمینداران، ڕێزانی بریندارا، قەبرستانی بێداران).

لەم هێلکارییەدا ژمارەی شیعر و ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی جۆرەکانی سەروا لە سەر ئاستی ژمارەی شیعر کە ژمارەیان 72 شیعرە خراوەتەڕوو:




وێنەی 3. هێلکاری دابەشبوونی جۆرەکانی سەروا

**ئەنجامەکان**

1. لە سەرجەمی شیعرەکانی دەشتی 13 دەنگ بوونەتە ڕەوی، لە ناویاندا دەنگی (ر) لە 16 شیعر لە کۆی 72 شیعر بە ڕێژەی 22,22% و 248 دێر لە کۆی 1131 دێر بە ڕێژەی

21,92% بە پلەی یەکەم دێت. هەروەها دەنگەکانی (ی، ێ، س) هەرەیەکەیان لە یەک شیعردا بە ڕێژەی 2,04% کەمترین جار بوونەتە ڕەوی.

2. 43 شیعر بە ڕێژەی 59,72%و 461 دێر بە ڕێژەی 40,76% پێش ڕەوییان هەیە، لە ناویشیاندا ڕیدفی ئەسڵی 35 شیعر و 391 دێر لەخۆدەگرێت.

3. 35 شیعر کە دەکاتە 48,61% و 269 دێر کە دەکاتە 23,78% پاش ڕەوییان هەیە، هەموو پاش ڕەوییەکانیش لە جۆری پاش ڕەوی زیادەن.

4. لە 32 شیعردا بە ڕێژەی 58,18% لە کۆی ئەو شیعرانەی وشەی سەروایان هەیە، ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەوی هەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شاعیر هەناسەیەکی درێژی هەیە لە بونیادنانی مۆسیقای شیعر.

5. 7 شیعر کە دەکاتە 9,72% و 53 دێر کە دەکاتە 4,68% سەروا و پاش سەروایان هەیە.

6. چوار جۆر سەروا لە شیعرەکانی دەشتی دەرکەوتوون، 48 شیعر کە دەکاتە 66,66% و 500 دێر کە دەکاتە 44,20% سەروای یەکگرتوویان هەیە. 1 شیعر بە ڕێژەی 1,76% و 424 دێر بە ڕێژەی 37,48% سەروای مەسنەوی، 5 شیعر بە ڕێژەی 6,94% و 78 دێر بە ڕێژەی 6,89% سەروای کۆپلەبەند و 1 شیعر بە ڕێژەی 1,38% و 7 دێر بە ڕێژەی 0,61% جووت سەروای هەیە.

7. شاعیر لە زۆر شوێندا لە پێناو دروستکردنی مۆسیقا و بوونی هارمۆنیەت لە نێوان دێرەکان، پابەندی یاسا و وردەکارییەکانی سەروا نەبووە، بەمەش 14 شیعر بە ڕێژەی 19,44% و 102 دێر بە ڕێژەی 9,01% تەنیا پاش سەروایان هەیە و وشەی سەروایان نییە، واتە، بێسەروان و لە ڕێگەی پاش سەرواوە مۆسیقای شیعرەکانی دروستکردووە.

**سەرچاوەکان**

**کوردی:**

1. گەردی، د. عەزیز (1999) *سەروا*. چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

2. خەزنەدار، دوکتۆر مارف (2001) *مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی یەکەم*. چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

3. ئەحمەد، صافیە محەمەد (2014) *شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال مەحموود*. چاپی یەکەم، هەولێر، یەکێتی نووسەرانی کورد.

4. دەشتی، مەلا خدری (2012) *دیوانی دەشتی*. چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

5. دەشتی، مەلا خضری (2022) *گوڵزاری دەشتی*. چاپی یەکەم، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی.

6. وەلی، نێچیروان جاسم (2023) *ئیستاتیکای شیعریی ناری و تاهیر بەگی جاف*. چاپی یەکەم، هەولێر، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

7. عزیز، هیوا نورالدین (2016) *عەرووزناسیی شیعری کلاسیکی کوردی*. چاپی یەکەم، هەولێر، پەرتووکخانەی سۆران.

8. باڵەکی، یادگار ڕەسول حەمەدەمین (2005) *سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1898 – 1932*. چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ.

9. حەمەدەمین، یادگار ڕەسووڵ (2020) سەروای شیعرە کوردییەکانی نالی. *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*، 7 (1)، 461–480.

**عەرەبی:**

1. جنی، أبی الفتح عثمان (1975) مختصر *القوافی*. طبع الأول، القاهرة، دار التراث.

2. عتریس، أحمد عبدالرحمن (2020) الموسیقی فی شعر محمد الأسمر. *مجلة كلیة دار العلوم جامعة الفیوم*، 58، 68-96.

3. أنیس، دكتور ابراهیم (1952) *موسیقی الشعر*. طبع الثانیة، مصر، مكتبة الأنجلو المصریة.

4. مستور، دكتور رجاء (2022–2023) محاضرات فى العروض و موسيقى الشعر. جامعة البليدة

2، كلية الأداب واللغات، قسم اللغة العربية و آدابها.

5. عتيق، دكتور عبدالعزيز (1987) *علم العروض والقافية*. بيروت، دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

6. سليمان، دكتور عماد خليفة (2017) الموسيقى الخارجية في شعر الهداية في عصر صدر الإسلام وآثارها الفنية والدلالية. *مجلة كلية الإمام الأعظم رحمه الله - الجامعة – عام*، 1–30.

7. عابد، صالح على صقر (2011–2012) *الايقاع فى شعر سميع القاسم*. ماجستير. جامعة الأزهر–غزة.

8. فاخورى، محمود (1996) *موسيقا الشعر العربى*. حلب، مديرية الكتب والمطبوعات الجامعية.

9. نصار، الدكتور حسين (2001) *القافية فى العروض والأدب*، الطبعة الأولى، مكتبة الثقافة الدينية.

**فارسى:**

1. كدكنى، دكتر محمدرضا شفيعى (1385) *موسيقى شعر*. چاپ نهم، مؤسسة آگاه.

2. ميرزا، نجفقلى (1362) *دره نجفى در علم عروض بديع قافيه*. چاپ أول، مروى.

**الملخص:**

تعد القافية بأنها واحدة من الأجناس الرئيسية لموسيقى الشعر، ولها أهميتها وموقعها في المراحل المختلفة من الشعر، لا سيما في مرحلة الشعر الكلاسيكي الكوردي، ويعود هذا إلى دور وأهمية القافية في هذا المجال، لذا رأينا من الضروري إجراء بحث عن القافية في قصائد (ملا خدر دەشتى)، باعتباره شاعراً في تلك الفترة، وبهدف إظهار الخصائص الفنية للقافية على مستوى الصوت والكلمات والتزام الشاعر بأنواع مختلفة من القافية كمكون فني مهم في بناء الشعر.

وبهدف تحقيق بحثنا، اتبعنا المنهج الوصفي- الاحصائي، عبر الاعتماد على احصائيات مفصلة، تم اختيار جميع قصائد (ملا خدر دەشتى)، من أجل إظهار تأثير القافية على إنتاج موسيقى قصائده.

ونتيجة لذلك، تمكن الشاعر على نطاق الواسع من استخدام فن القافية، ليس فقط كسمة شعرية فحسب، وإنما كوسيلة لنقل الرسائل وتشكيل موسيقى مثيرة ومؤثرة، وفي بعض الأماكن والمواقع بهدف تشكيل الموسيقى لم يلتزم بقواعد وتفاصيل القافية.

**الكلمات المفتاحية:** القافية، الروي، قبل الروي، بعد الروي، بعد القافية.

## سەروا لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتی دا

سەروا یەکێکە لە دیارترین ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، لە تەواوی قۆناغە جیاوازەکانی شیعردا گرنگ و جێی بایەخ بووە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەروا لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتی دا) ئامانج لێی دەرخستنی سەروا و هونەرەکانی سەروایە لە شیعرەکانی مەلا خدر دەشتی دا، تاکو ئاشنابین بەوەی کە ئایا سەروا و هونەرەکانی چەند و چۆن بەکارهاتووە؟ لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی – ئاماری) پەیڕەو کراوە، لە شیکارکردنی ئاماری سەروا و هونەرەکانی بەرنامەی SPSS 25 بەکارهاتووە.

لە سەرجەمی شیعرەکانی دەشتی دا 13 دەنگ بوونەتە ڕەوی، گرنگییەکی زۆری بە پێش ڕەوی و پاش ڕەوی داوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر هەناسەیەکی درێژی هەیە لە بونیادنانی مۆسیقای شیعر. لە ئاستی وشەکاندا تەنها پاش سەروای هەیە. لە جۆرەکانی سەروادا سەروای یەکگرتوو، سەروای مەسنەوی، سەروای کۆپلەبەند و جووت سەروای بەکارهێناوە، لە زۆر شوێنیشدا بە ئامانجی دروستکردنی مۆسیقا، پابەندی یاسا و وردەکارییەکانی سەروا نەبووە.